# کورد و تورکیا: سیاسەتی گۆچان و گێزەر

**سەردار عەزیز**

**بەشی یەکەم**

رەنگە هیچ پەیوەندیەک یان کەم پەیوەندی هەبێ، لە نێوان گەلانی دونیادا، هێندەی پەیوەندی کورد و تورک پەیوەندیەکی ئالۆز و پڕ لە قەیران بێت. تورکیای ئەمرۆ هەم دژ و هەم میراتگری عوسمانیەکانە. دژە کاتێک دەیەوێت وولاتێکی عەلمانی بێت، میراتگرە چونکە هێشتا خەونی ئەوەی هەیە کە باڵادەست بێت بەسەر پانتایی بێسنوردا. یەکێک لە سروشتەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەوەبوو کە دانی بەبوونی سنووردا نەئەنا. ئەم دوالیزمە دژ و هاوتەباییە بەشێکی زۆر لە کەسایەتی و دونیابینی و سیاسەتی تورکی روون ئەکاتەوە. تورک لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بە ناوی ئیسلامەوە دەسەلاتیان بەسەر زۆر گەلانی ناوچەکەدا هەبوو، عەرەب، ئەرمەن، کورد، ئەلبانی، یونانی، گەلانی بولگار و بەلقان. بەڵام بەشکستی دەوڵەتی عوسمانی پاش جەنگی جیهانی دووەم هێزە ئەوروپاییە براوەکانی شەر لە دەی ئابی ساڵی 1920 لە گوندی سیڤەر نزیک پاریس رێکەوتنامەیەکی ئاشتیان لەگەڵ تورکیادا مۆرکرد. لەو پەیماننامەیەدا بەشی سێ، بەندی شەست و دوو وشەست و سێ و شەست و چوار تایبەت بوو بە کوردوستان. بەڵام چونکە گەڵی کورد لەرووی سیاسەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و شپرزەی و نەبوونی نوێنەر و پلان پەیماننامەکە بەتایبەت بەندەکانی کە تایبەت بوون بە کورد پشتگوێ خران و بە هاتنی ئەتاتورک بۆسەر دەسەلات پەیماننامەی لۆزان بەسترا کە کورد لە هەموو مافەکانی تیایا بێبەش بوو. کورد لەگەڵ یونان و ئەرمەنەکان و عەرەب و بولگارەکان ئەو نەتەوانەن کە راستەوخۆ سنوور لەگەڵ تورکدا دابەش ئەکەن. تورک لەگەڵ هەموو ئەم نەتەوانەدا مێژوویەکی خوێناوی هەیە.

ساتەوەختی لەدایک بوونی دەوڵەتی تورکی لە سەرەتایی بیستەکان لەسەردەستی ئەتاتورک و سەربازەکانی تر، ساتەوەختێکی گرنگە لە مێژووی دەوڵەتی تورکدا. بەبێ تێگەیشتنی قووڵ لەو ساتەوەختە مەحاڵە بتوانرێت لە سایکی و رەهەندە سیاسیەکانی دەوڵەتی تورکی مۆدرێن تێبگەین. تێگەشتنی لەم ساتەوەختە پێویستە تێگەشتنێکی سیاسی بێت نەک مێژووی. مێژوو رووداوەکان دەگێرێتەوە بەڵام زۆربەی کات لێیان تێناگات. کاری لێکۆڵەرەوەی سیاسی و پیاوی دەوڵەت ئەوەیە رەهەندە فرە و جیاوازەکانی رووداوەکان بخوێنێتەوە و هەمیشە بەدوای وەڵامی ئەوەدا بگەرێ بۆچی ئەوە روویدا؟ لە دایک بوونی دەولەتی مۆدرێنی تورک لەدایکبوونێک بوو کە زیاتر لە لەبارچوونەوە نزیک بوو. تورک، ئیمپراتۆرەکەیان پیاوێکی نەخۆش بوو، پاشان مرد و وڵاتانی تری براوە لە شەردا کەوتنە دابەسکردنی میراتیەکەی. ئەگەر بهاتایە پەیمانی سیڤەر جێبەجێبکرایە ئەوا دەوڵەتی تورکی بە هیچ شێوەیەک لە دەوڵەتی ئەمرۆ نەئەچوو، بەڵکو وولاتێکی بچوک و کەم دەرامەت و بێهێزوو و لاواز دەبوو. تورک زۆر بەباشی لەمە ئاگادارن کە هێشتا لە سەر خاکی کۆلۆنیالیکراوی گەلانی تر ئەژین بۆیە تورک بوون و دەوڵەتی تورکی هەمیشە لە مەترسیدایە. ئەمەش بەباشی لە بەندی 301 دەستوری تورکیدا دیاریکراوە. ئەم بەندە هەمیشە مایەی گرفت و کێشەیە بۆ تورکیا چونکە لە هەموو روویەکەوە دژ بە دیموکراسی و ئازادی رادەربرین و تۆلەرانس و گەلێک شتی ترە. هەر ئەم ترسەیە کە چووەتە ناخی تورکەوە کە هەرگیز ئاسان نیە تورکیا وەک وولاتێکی دیمکراتی ببینرێت.

ئەگەر بەشێکی زۆری مێژووی تورک لەگەڵ گەلانی تردا بەجۆرێک لە جۆرەکان سەقامگیربووە، (هەرچەندە تورک تا رۆژگاری ئەمرۆ کێشەی گەورەی لەگەل یونانە قوبرسیەکان و ئەرمەنیەکاندا هەیە)، ئەوا کێشەی کورد و تورک یەکێکە لە کێشە ئالۆز و چارەنەبوەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست. دەوڵەتی تورکیای ئەمرۆ، هەرچەندە حەرئەکات خۆی بە دیموکراسیەت و عەلمانی بناسێنێ بەڵام لە زۆر روەوە میراتگری دەوڵەتی عوسمانیە، بۆ نموونە، لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، چونکە بە ناوی

ئیسلامەوە حوکمی گەلانی تری ئەکرد، تەنها ئەو گەلانەی بە کەمینە لە قەڵەم ئەدا کە غەیرەموسوڵمان بوون، وەک جولەکەو ئەرمەنی مەسیحی، بۆیە کورد لە تورکیا بەپێی یاسای عوسمانی کەمە نەتەوە نین، چونکە کورد موسوڵمانە. ئەم بەندە لە پەیماننامەی لۆزاندا جەختی لەسەرکرایەوە چونکە ئەو کاتە تورک لەلایەک بەسەر یونانەکانا زاڵبوبون (یونانیەکانی تورکیا خاوەن مێژوویەکی پڕ لە ئازارن، ئەگەر کەسێک ئارزووی هەیە دەتوانێت بۆ شیعرە غەمبارەکانی کۆنستانت کافافی بگەڕێتەوە، هەرچەندە وەک ئەوەی من ئاگاداربم هێندەی لێ نەکراوەتە کوردی)، لەلایەکی ترەوە ئەرمەنەکانی جیونوسایدکردبوو.

ئەگەر عوسمانیەکان لەسەر بنەمای موسوڵمانی برا بوونی کورد و گەلانی تریان دەسریەوە ئەوا تورکیای عەلمانی بەتەواوی بەبێ هیچ پاساو هێنانەوەیەک نکوڵی لەبوونی کورد ئەکات. (ئەوەی جێگای تێرامانە ئەوەیە کە؛ لەبەر لاوازی ئیتلینجینسیای کوردی ئیسلام نەبوەتە هێزێکی ووزەبەخش بە رۆحی ئازادیزخوازانەی کورد، بەبەراورد بەگەلانی تر، ئەم مەسەلەیە بۆ خەڵکی شارەزاتر لەم بوارەدا جێئەهێڵین، ئەگەر هەبن) بۆ ئەم مەبەستە تورکیا هەمیشە لە رووی سەربازی و ئابووریەوە هەوڵی داوە بەشێوەیەکی فیزیکی گەلی کورد لەناوببات. ئەم نکوڵیەی تورک لەبوونی کورد یەکێکە لەو سیاسەتانەی دەوڵەتی تورکیا کە بەدرێژایی مێژووی تورکیای نوێ هەرگیز گۆرانی بەسەرا نەهاتووە، گەرچی ئەگەر حوکومەتی تورکی، چەپ بووبێت، راست بووبێت، عەلمانی بووبێت یان ئیسلامی. تورکیا بۆ پیادەکردنی سیاسەتی نکوڵیکردن هەمیشە دژ بە هەموو هەوڵێک بووە لە هەرکوێیەک بووبێت بۆ چەسپاندنی کورد و کێشەی کورد. لە یەکێک لەو بەڵگەنامانەی باڵوێزخانەی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە بەغدا لە ساڵی 1951 کاتێک حکومەتی ئەمریکی بە نیازی ئەوەیە لە کوردوستاندا رادیو و رۆژنامە بە زمانی کوردی بڵاوکاتەوە، بۆئەوەی رێ لەوە بگرێت کوردوستان بکەوێتە ژێر کاریگەری یەکێتی سۆڤیەتەوە، حکومەتی تورکیا بەتوندی دژی هەموو هەوڵێکی لەو جۆرە دەوەستێت و داوا لە حکومەتی ئەمریکی ئەکات پێش بڵاوکردنەوەی هەرشتێک پێویستە لە سەرەتادا دەزگا سەربازی و ئەمنیەکانی حکومەتی تورکی لێی ئاگاداربکێنەوە. (ئەم بەڵگانە لەبەردەستم دان وە بە نیازم بۆ خوێندنەوەی سەرەتاکانی پەیوەندی نێوان کورد و ئەمریکا لە داهاتوویەکی نزیکدا بەکاریان بهێنم).

تا پێش سەرهەڵدانی پارتی کرێکارانی کوردوستان لە سەرەتای هەشتاکان (پەکەکە لە کۆتایی حەفتاکان دامەزرا و لە ساڵی 1984 خەباتی چەکداری راگەیاند) تورکیا زۆر بەدڵنیاییەوە نکوڵی لە بوونی کورد ئەکرد. ئەگەرچی کورد لە ساڵی 1925 لە شۆرشی شێخ سەعیددا داوای پێکهێنانی وولاتی خۆیان کرد. شۆرشی شیخ سەعیدی پیران بەشێکی زۆری کوردوستانی ژێردەستی تورکیای ئازادکردبوو بەڵام بەوپەری درندەیی بە کاری سەربازی لەلایەن حکومەتی ناوەندی تورکیاوە داپلۆسێنرا.

پاش شکستی ئەو شۆرشە و بەهێزبوونی دەوڵەتی ئەتاتورک کێشەی کورد چووە قۆناخی مت بوونەوە. تورک تەماحیان لە خاکی کوردوستانە، وەک جارێک ئەندامێکی پارتی سەوزی پەرلەمانی ئایرلەندی پێی ووتم؛ تورک بۆ خاک و ئاو و پانتایی کوردوستان شەرئەکەن، هەموو سیاسەتەکانیان بەو نیازەوەیە. کۆچپێکردن و وێرانکردن و هەژارکردن و ژێرئاوخستن و پشتگوێخستنی ئابووری و تەندروستی و زانیاری هەموو پێکەوە ئەو سیاسەتە دائەرێژن کە دەبێ کوردوستان لە کورد چۆڵبکرێت. (رێژەی بێکاری و نەخوێندەواری و هەژاری لە کوردوستانی باکور لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، ئەم دیاریدانە هێندە زەقە ئەگەر کەسێک وەک سەردان بچێتە هەر شارێکی کوردی لە تورکیا بە چاوی خوی دەیبینێت، من خۆم بەشێکی زۆری کوردوستانی باکورم دیوە). هەر بۆیە ئەمرۆ لە هەندێ ناوەندی تورکیا ئەو رایە هەیە ئەگەر کورد لە باشور وولاتی خۆیان دابمەزرێنن ئەوا

کورد له تورکیا دەکەونە بەردەم دوو ڕێگا بۆئەوەی یەکیان هەڵبژێرن، ڕێگای یەکەم یان ئەوەیە ببنە تورک و له تورکیا بمیننەوە (وەک دروشمە ناسروەکەی تورکیا کە له هەموو شوێنێک نوسراوە دڵخوشە ئەوەی کە تورک بێت). ڕێگای دووەم ئەوەیە ببنە کورد و برۆن بۆ باشور(کوردوستانی عێراق). هەرچەندە هەموو ناوەندە تورکەکان ئاگادارن کە راوبۆچونی وەها راوبۆچونێکە کە میتاخەیاڵە، بەڵام ئەمە ئەوە روون ئەکاتەوە کە تورک چییان دەوێ لە کوردوستان.
بەبوونی تورکیا بە ئەندامی ناتۆ لە سەرەتایی پەنجاکان، لە بەر شوێنی ستراتیژی تورکیا بووبە بنکەیەکی سەربازی ئەمریکی، چونکە تورکەکان سنوری راستەوخۆیان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا هەبوو. تورکیا وولاتێکی زل و زەبەلاحی بێدەرامەتی هەژارە، ئەمانە وەهایان لە تورکیاکرد کە هەمیشە هەوڵی ئەوەبدات لە رۆژئاوا بەگشتی و لە ئەمریکا بەتایبەت نزیک بێتەوە. تورکیا سێهەم وولاتە پاش ئیسرائیل و میسر (دیارە ئەمە پاش شەری عێراق) کە بۆ ساڵانێکی زۆر زۆرترین یارمەتی ئەمریکای وەرگرتبێت. پەیوەندی ئەمریکا و تورکیا ئەرچی پەیوەندیەکی پتە و بەتین بوو لە رۆژانی جەنگی سارددا بەلام بێ کێشە و دەردە سەری نەبوو.
تورکەکان هەمیشە بەگومانەوە لە ئەمریکیەکانیان نواریوە، وە هەر کاتێک هەر رووداوێک روویدابێت تورکەکان سەرتاپا پەیوەندیەکانیان خستوەتە ژێر پرسیارەوە، ئەمە بە تایبەت لە رۆژانی کێشەی قوبرس کاتێک ئەمریکا بە فشاری لۆبیی ئەرمەنی و یونانی ئابلۆقەی چەکی خستە سەر تورکیا. ئەم پەیوەندیانە وەها مایەوە تا سەرەتای ساڵانی هەشتا. بەهاتنی ئۆزال پەیوەندیەکان جارێکی تر پتەو بوونەوە. ئۆزال لە رووی ئابووریەوە لیبرال و بوو وە لە رووی کێشەکانی تورکیا، بەتایبەت کێشەی کورد، خاوەن عەقڵی کراوە بوو بەراورد بە هەموو ئەوانی تر. ئۆزال وەک خوی دەیوت نەنکی کوردبوو، وە ئامادەبوو گفتوگۆ لە سەر مەسەلەی کوردبکات. بۆنموونە کۆبونەوەی لە گەڵ جەلال تاڵەبانیا هەولێکی دیپلۆماسی کراوەبوو لەو بارەوە. هەروەها بەپێی قسەی ئۆجئالانیش ئۆزال کراوەبوو بەرامبەر کێشەی کورد. بەلام ئەمانە جێی گومانە کاتێک ئۆزال ئەو سەرۆکە بوو کە پارێزەرانی گوندی داهێنا، بەکوردیەکەی جاش. لە کوردوستانی تورکیاش وەک کوردوستانی باشور هەرزوو کۆمەڵی سەرۆک عەشیرەت چەکی جاشایەتیان کردە شانیان. رەنگە نەنکە کوردکەی ئۆزالی راوێژکردبێ کە کورد عەشقی جاشایەتین و بە پاشایەتی لەقەڵەم ئەدەن.
ئابووری رۆڵێکی زۆر گەورە دەگێرێ لە قەیرانەکانی تورکیادا. سوپای تورکی کە دامەزراوەیەکە دیکتاتۆریانە باڵی بەسەر حکومەتی تورکیادا کێشاوە و خۆی بە پاسەوانی عەلمانیەت ئەزانێت تەنها بریتی نیە لە سوپا بەڵکو وەکو دەزگایەک خاوەن بەشێکی گەورەی ئابووری تورکیان. ئەمە وەهای کردوە کە عەلمانیەت لە تورکیا تەنها لەلایەن سوپا و دەوڵەمەندەکان و دارو دەستەکانیانەوە پاڵپشت بکرێت. لە گەڵ نزیکبوونەوەی تورکیا لە رۆژئاوا و گەشەکردنی ئابووری، چینی ناوەراست لە تورکیا گەشەی کرد، ئەم چێنە هەرچەندە خۆی بە تورک لە قەڵەم ئەدات بەلام لەگەڵ بەهاکانی عەڵمانیەتدا تەبا نیە و ناتوانێ عەلمانیەت وەک ناسنامەیەک بۆخۆی هەڵبژێرێ بۆیە ناسنامەی چینی ناوەراست لە تورکیا ناسنامەیەکی ئیسلامیە. ئەم ناسنامەیە هەرچەندە بەلای بەلای عەلمانیەکانەوە وەک مەترسیەک تەماشا ئەکرێت، ئەویش تەنها لەبەر ململانێی ئابووری، ئەگینا هیچ قەیرانێک لە ناسنامەی تورکیدا دروست ناکات. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەم دواییانە لەو وولاتەدا ئەنجامدراوە، هەرچەندە ژمارەی ئەوانەی خۆیان بەموسوڵمان ئەناسن بەشێوەیەکی گشتی لە زیادبووندایە بەڵام ژمارەی ئەوانەی کە پێیان باشە تورکیا ببێتە وولاتێکی ثیوکراسی وەک تالیبان یان ئێران هەتا بێت لە کزی دایە.
عەلمانیەکانی تورکیا نەک تەنها لە رووی ناسنامەوە بەڵکو لە رووی ئابووریشەوە سەر بەبەرەی رۆژئاوان و دەیانەوێ تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا و لە ناتۆدا بمێنێتەوە و لە گەڵ ئەمریکادا پەیوەندی پتەو بێت. بەڵام تورکە ئیسلامیەکان لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپادا کێشەی ناسنامە و

سەرووەری وولآت و کەلتور و شتی تری لەو بابەتانەیان هەیە. ئەمانە وەها ئەکات کە ئیسلامیەکان زیاتر لە رووی سیاسیەوە بەرە و ناخۆبن لە کاتێک عیلامانیەکان بەرەو دەرەوە. بۆ ئیسلامیەکان مامەڵەی یەکێتی ئەوروپا لەگەل تورکیادا مایەی سوکایەتی پێکردنە. تورک لە ئەوروپا لە رووی مێژووییەوە وەک کەسێک ناسراوە کە جێی باوەرپێکردن نیە. سەدەیەک لەمەوپێش دیپلۆماتی ئینگلیزی سێر چارلس ئیلیوت دەربارەی یاسا و حکومەت لە تورکیا نوسیویەتی هەمیشە لە تورکیا هەموو شتێک لە سەر رووی کاغەز بێ کەم و کوریە بەڵام لە رووی واقیعەوە بە هیچ جۆرێک وەها نیە. لە سەردانم بۆ یەکێتی ئەوروپا و کارکردنم لە گەڵ وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی ئایرلەندیا زۆرجار لەدەمی ئەندامانی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا و نوێنەرانی ئایرەلندا بۆکاروباری دەرەوە هەواڵ دەربارەی گفتوگۆ و مامەڵە لەگەل حکومەتی تورکیا دەبیستم. بەگشتی خەڵکی ئەوروپا دژ بە ئەندام بوونی تورکیان وە سیاسەتمەدارە ئەوروپیەکان بۆیە بە ئەندامبوونی تورکیا بەباش ئەزانن چونکە ئەوان وەها بیرئەکەنەوە ئەگەر تورکیا نەبێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا ئەوا رەنگە ببێتە وولآتێکی ئیسلامی توندرەوە کە ببێتە مایەی مەترسی بۆ ئەوروپا، وەک چۆن لە سەدەی حەڤدەدا ئابلۆقەی ڤیەننای پایتەختی نەمسایان دا، هەر ئەمەش هەتا ئەمرۆ هەشتا لەسەدی خەڵکی نەمسا دژ بە ئەندام بوونی تورکیایە.

تورکیا لەوە بەئاگاداربوو لە ستراتیژی بوونی ئەو بەتایبەت لەلایەن ئەمریکاوە پەیوەستە بە بارودۆخی جەنگی ساردەوە. بۆیە هەر بەتەواوبوونی ئەو جەنگە تورکیا ترسی ئەوەی لێنیشت کە ببێتە وولآتێکی بێکەڵک و نا ستراتیژ. یەکێک لەو هەولآنەی تورکیا بۆ گرنگ مانەوەی لە لایەن ئەمریکاوە پەیوەندیکردن بوو لەگەڵ ئیسرائیلدا. تورکیا بە پەیوەندی لەگەڵ وولآتی جولەکەدا مەبەستی ئەوەیە لەرێگای لۆبی بەهێزی ئیسرائیلی لە ئەمریکا خۆی لە ئەمریکا نزیکخاتەوە وە لە هەمانکاتدا ئەوە پێشاندات کە هێشتا ستراتیژە. بەڵام گرنگی تورکیا هەرگیز وەکو جاران نیە. ئەمریکا پاش روخانی دیواری بەرلین سنوری بنکە سەربازیەکانی گواستەوە بۆ ئەوروپای رۆژهەلآت و ئاسیای ناوەند. چی دی تورکیا لەبەرەی پێشەوەی دوژمنەکانی ئەمریکادانیە.

بریاری یەکی ئازاری ساڵی 2003 لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە بە رێگەنەدان بە سوپای ئەمریکا بۆ بەکارهێنانی بنکەو خاکی تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر عێراق خاڵی وەرچەرخانی گەورەبوو لە پەیوەندی تورکیا و ئەمریکا. ئەو بریارە بەجۆرێک بوو کە رێرەو و شێوازی هێرشکردنە سەر عێراقی گۆری. کاتێک لە سالآنی سەرەتای هەشتاکان پاش هەڵگرتنی ئابلۆقەی چەک لە سەر تورکیا، تورکیا و ئەمریکا پەیماننامەیەکیان مۆرکرد کە ئەمریکا کاتێک ئەتوانێ بنکە سەربازیەکانی تورکیا بەکاربهێنێت ئەگەر بۆکارێکی ناتۆبێت. بەڵام هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق بەشێک نەبوو لە کاری ناتۆ. بۆیە ئەمریکا نەیتوانی بنکە سەربازیەکانی تورکیا بەکاربهێنێت. لە هەمانکاتدا هەستی دژە ئەمریکایی لە تورکیادا بەشێوەیەکی بێووێنە تەشەنەی کرد بەتایبەت بەلای زۆربەی خەڵکی چینی ناوەندی تورکیاوە شەری پێشووی رزگارکردنی کوێت و ئابلۆقە خستنە سەر عێراق بە زیانێکی ئابوری گەورە بۆ ئەوچینە شکایەوە، لە رووی دابەزینی داهاتی نەتەوەیی تورکیا بە بلۆین دۆلار وە هەروەها بەرزبوونەوەی نرخی سوتەمەنی.

ئەمە وەهایکرد کە لێپرسراوە تورکەکان بە شێوەیەکی گالتەجارانە مامەڵە لەگەڵ لێپرسراوە ئەمریکیەکانا بکەن. بەجۆرێک کە ئۆردغان بە چەند هەفتەیەک داخوازی دیداری باڵیوزی ئەمریکی لە ئەنقەرە وەڵام نەدایەوە. کێشەی عێراق هێرشکردنە سەر عێراق تەنها ئابووری نەبوو، هەر لە سەرەتاوە مەسەلەی کورد و کەرکوک و تورکمانەکان و پەکەکە لەو کێشانە بوون کە بەلای تورکیاوە مەبەست بوو. لە کاتی بەستنی کۆنگرەی ئۆپۆزسیونی عێراقی لە ئەنقەرە لەگەڵ زلمای خەلیلزاد نوێنەری بۆش بۆ کۆنگرەکە، تورکیا بەجۆرێکی کەڵەگایی و گوندەیی دەیویست تورکمانەکان وەک

خاوەن دەسەڵاتێکی گەورە لە عێراقدا بچەسپێنێ. هەرچەندە ژمارەی راستەقینەی تورکمان لە عێراقدا لە 2% کەمترە بەڵام تورکیا هەمیشە بە سێ ملیون ژمارەی زەبەلاحی لەو شێوەیە باسی لێوەئەکات. تورکمانەکان لە کۆنگرەکەدا هەر زوو زوو دەبوایە بە لێپرسراوە سەربازی ئیستخباراتیە تورکەکان راوێژبکەن دەربارەی هەموو هەنگاو و هەڵوێستێک. بەرەی تورکمان بەهۆی ئەم هەڵوێستەیانەوە چ لەلای ئەمریکیەکان و لای کوردەکان و لای شیعەکان جێگەی گومان بوون. شیعەکان، (هەرچەندە برێکی زۆری تورکمانی عێراق شیعەن وە شیعەبوون لە تورکیا، بەهۆی دژایەتی نێوان سەفەوی و مەغۆڵەوە هەمیشەی مایەی ئازاردان و کوشت و کوشتاربوون، ئێستا یەکێتی ئەوروپا دەیەوێ عەلەویەکانی تورکیا وەک کەمینەیەکی سەربەخۆ بناسێ)، هەمیشە گومانی ئەوەیان لە بەرەی تورکمان هەبوو بە هۆی فشاری تورکیاوە کە سەربە سوننەکان بن، بۆیە هەرگیز پێیان باش نەبوو خاوەن هیچ رۆڵێک بن. ئەمریکیەکان رازی بوون کە نوێنەرایەتی تورکمانەکان لە واشنتون بکەنەوە، بەلام لەبەر نەبوونی شارەزایی دیبلۆماسی نەیانتوانی بە هیچ ئەنجامێک بگەن. بۆ نموونە نوێنەری بەرەی تورکمان چەند جارێک داوای بینینی وزیری دەرەوەی ئەمریکای کردوە لە ماوەی رۆژێکا کاری وەها تەنانەت بۆ ئەندامانی کۆنگریسی ئەمریکیش نابێ، وە لە بەر رەفزکردنەوەی داواکەیان نوێنەری بەرەی تورکمان داوای لایەنە ئەمریکیەکانی رەفزکردوەتەوە. شایانی باسە نوێنەری پارتی لە ئەمریکا فەرهاد بارزانی هێندە لە نوێنەری بەرەی تورکمان باشترنیە.

تورکیا لە ئەنجامی کەنارگیربوون و نەبوونی رۆڵ و شکشتی بەرەی تورکمانی لە ئەنجامدانی هەرشتێک، گەشتە قۆناغێک کە هەست بەوەبکات کە هەموو وولاتانی ناوچەکە و بە تایبەت دەوروبەری عێراق رۆڵێکی گەورەیان هەیە لە دیاریکردنی چارنووسی عێراقدا بەڵام ئەو (تورکیا) کە هەمیشە خۆی بەوولاتێکی گەورە و خاوەن ستراتیژیەت و دەسەڵات زانیوە لە ناوچەکەدا هیچ رۆڵێکی نیە. ئەو بۆشاییەی کە تورکیا لە ئەنجامی هەڵسوکەوتەکانی دروستیکرد لەلایەن کوردوە پڕکرایەوە. ئەمریکا بۆیەکەم جار بە شێوەیەکی ئاشکراو راستەوخۆ لەگەڵ هەردوو هێزە گەورە کوردیەکەدا پارتی و یەکێتی کەوتە گفتوگۆ و هاوکاریکردن. بە گەشتنی سوپای ئەمریکا بۆ کوردوستان پارتی بە گەرمی بەخێرهاتنی لێکردن و کوردانە دەستیکرد بە بەخشینەوەی دیاری وەک قاڵی و ئاڵتون و شتی گرانبەهای تری لەو جۆرە بەسەر لێپرسراوە ئەمریکیەکانا. بەجۆرێک حکومەتی ئەمریکی ناچارکرد کە بیوەستێنی و لێکۆڵینەوەی گەندەڵی لە گەڵ هەندێ لە سەربازەکانی بکات. تا ئێستا ئەفسەرێکی گەورەی ئەمریکی کە بەهۆی گەندەڵیەوە لەلایەن حکومەتی ئەمریکیەوە داوادەکرێت ئێستا لە هەولێر راوێژکاری حکومەتی هەرێمی کوردوستانە و بە تەما نیە بگەرێتەوە بۆ ئەمریکا.

گەشەسەندنی رۆڵی کورد و نزیک بوونەوەی ئەمریکا رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر تورک نیگەران ئەکات. تورکەکان، ئەگەر کەسێک بە هەواڵەکانی چەند ساڵی رابوردودا بچێتەوە، هەمیشە داخوازی ئەوەبوون کە ئەمریکا داخوازیەکانیان جێبەجێکات. وەک رێگرتن لە گەرانەوەی کەرکوک بۆ کوردوستان، هێرشکردنە سەر پەکەکە، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم. تەنانەت لەم رۆژانەی دواییدا کار گەیشتە ئەو ئاستە کە تورکیا داوا لە کۆندەلیزە رایزبکات کە سەرزەنشتی مەسعود بەرزانی بکات. لە بەرامبەر هەولی تورکیا حکومەتی کوردوستان یان راستتر پارتی و یەکێتی هەڵوێستی خۆیانیان هەبووە بەرامبەر بە تورکیا. لە سەرەتادا هەڵوێستی هەردوولا وەک یەکبوو کاتێک پارتی و یەکێتی لە سەر داخوازی تورکیا هێرشیان کردە سەر سەربازەکانی پەکەکە. پاشان یەکێتی نەرمتربوو، لەبەر دووری پەکەکە لە سنوری دەسەڵاتیەوە، بەڵام پارتی بۆ ساڵانێکی زۆر دوژمنایەتی پەکەکەی دەکرد. هەتا ئێستا گیراوێکی زۆر لە بەندیخانەی ئاکرێدان کە سەر بە پەکەکەن و رۆژانە لەلایەن پارتیەوە بەو پەری توند و تیژیەوە ئازار ئەدرێن.

بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا پارتی هەڵوێستی بەرامبەر پەکەکە گۆراوە، وەک مەسعود بەرزانی دەڵێت، ئەوان ئامادەن بە شێوەی مەعنەوی یارمەتی خەباتی رزگاریخوازی بەشەکانی تری کوردوستان بدەن و بە هیچ جۆری جارێکی تر شەری کوردکوژی ناکەن. ئەم هەڵوێستە لەلایەن تورکیاوە وەک یارمەتی و پاڵپشتی پەکەکە تەماشا ئەکرێت. دیارە کێشەی پەکەکە بۆ تورکیا وەک ئەسپی تەروادە وایە. ئەو زیاتر وەک بەهانەیەک دەیهێنێتەوە، چونکە پەکەکە لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپاوە وەک هێزێکی تیرۆریستی لە قەڵەم ئەدرێت، وە هەروەها ئەمرۆ ئەمریکا و ئەوروپا لە شەری دژە تیرۆردان. ئەم هۆکارانە وەها ئەکات داخوازی تورکی لەلایەن رۆژئاواو ئەمریکاوە داوایەکی بەهێز و رەوابێت. بەڵام ئەگەر ئەمە بۆ میدیا گونجاوە ئەوا لای هەموان ئاشکرایە کە مەبەستی تورکیا تەنها لێدانی پەکەکە نیە بەڵکو بەگشتی سێ مەبەستە، یەک، لاوازکردنی حکومەتی هەرێم، یان پەککخستنی، دوو، رێگەگرتن لە بە کوردوستانی بوونی کەرکوک و هەروەها لێدانی پەکەکە. چونکە هەر هەموو ئەم هۆکارانە بۆ تورک یەک هۆکارن ئەویش مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی.

لەم رۆژانەی دوایدا بە تایبەت ساڵی 2007 مەسەلەکان لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت گەشتونەتە ئاستێکی مەترسیدار. ئەمسال ریفراندۆمی کەرکوک و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تورکیا پێکەوە روودەدەن. ئەمسال ئەردۆغان بەتەمایە خۆی بۆ سەرۆکایەتی کاندیدکات، وە سەرۆکی وڵات لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگی بۆ ئەدرێت. پەرلەمانی تورکیا لەلایەن حیزبی ئا.کەی.پە، وە کۆنترۆلکراوە بۆیە ئەگەر بێتوو ئەردۆغان خۆی کاندیدکات ئەوا بەدڵنیاییەوە دەنگی بۆ ئەدرێت. پۆستی سەرۆکایەتی ئەمجارە گرنگیەکی تایبەتی هەیە. ئەم پۆستە لەلایەن سوپاوە وەها تەماشائەکرێت کە دوا پۆستبێت کە هێشتا نەکەوتوەتە ژێر دەستی ئیسلامیەکانەوە، بۆیە بەلای سوپاوە زۆر گرنگە ئەم پۆستە بە عەلمانی بمێنێتەوە. بۆیە ئەگەر هاتوو ئەردۆغان خۆی بۆئەم پۆستە کاندیدکرد ئەوا دەبێ پەیامێک بە سوپابدات کە نەک هەر دیموکراتێکی کۆنزێرڤەتیڤە بەڵکو عەلمانیەکی عەیار هەژدەیە. بۆ سەلماندن ئەم هەڵوێستەی ئەردۆغان دەبێ لەگەل سوپادا پێکبێت. لەم دوایانەدا بەپێی یادەوەری جەنراڵێکی خانەنشینکراوی تورکی سوپای تورکی لە ساڵی 2004 دووجار پلانی کودەتایی هەبووە بە سەر حکومەتەکەی ئەردۆغاندا. سوپای تورکی وەک هەموو سوپایەکی تر لەدونیادا هەمیشە بۆ هەستکردن بەبوونی خۆی پێویستی بە نمایشە، وە ئەم نمایشە هەمیشە دەبێ بەجۆرێک بێت کە لە پێناوی پاراستنی گەل و دەسکەوت و بنەماکانی دەوڵەتی تورکیایە.

2

تورکیا هەمیشە لە جەنگدابووە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا. ئەم جەنگە وەک هەموو جەنگێکی تر بەچەند شێوەیەکی جیا جیا و لە سەر ئاستی جیاواز جیاوازدا بەرێوەئەچێت. تورکیا لەوە بێزارە و لە هەمانکاتدا هەست بەئیرەیی ئەکات کە کورد ئەتوانن ئەو رۆڵە بگێرن کە جاران بە ئەو سپێردرابوو.

ئەم رۆڵە نوێیە کورد پاش لابردنی سەددام ئەو پرسیارەی ئاڵۆزەی لای تورکیا زەقکردوەتەوە ئایا تورکیا ئیتر جێی بایەخ نیە وەک جاران. ئایا ئەمریکا دەتوانێ پلانەکانی جێبەجێکات بەبی بەشداری تورکیا. ئایا چی دی تورکیا ستراتیژە. ئەم پرسیارانەو گەلێک پرسیاری تر کە زیاتر بۆ سوپای تورک چارەننوسسازن. سوپا ئێستا لە هەموو لایەک زیاتر لە ژێر فشاردایە بۆ ئەوەی ژمارەی کەمکاتەوە و حکومەتیش بری دارایی تەرخانکراوی بۆ سوپا کەمکاتەوە، ئەم داخوازییەی دوایی بەتایبەت لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە داکۆکی لێئەکرێت.

تورکیا هەمیشە لە فشار خستنە سەر حکومەتی هەرێمدابووە. هەرچەندە لەلایەکەوە دەیەوێ زۆربەی پرۆژە ئابوریەکان لە کوردوستان لەلایەن کۆمپانیا تورکەکانەوە بەرێوەببرێت، لەلایەکی ترەوە هەمیشە بە تایبەت لەرووی راگەیاندنەوە لە دۆخی شەردابووە. ئەگەر بێتوو لەرووی تیورەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانەوە لە مەسەلەکە بنوارین ئەوا بە پێی تیورەی لیبرالیزم، پەیوەندی ئابووری لە نێوان گەلاندا دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی گەلان لەیەکتری و لاوازبوونی ئەگەری شەر. بەڵام جێی گومانە کە ئەم تیورەیە بتوانێ پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان تورک و کورد لێکبداتەوە.

ئەگەر کۆمپانیا تورکەکان دێن و لە کوردوستان کاردەکەن بەڵام لە رووی سیاسیەوە کاریگەریەکی هێجگار زۆریان نابێت. کێشەی تورک ئەوە نیە کورد لە رووی ئابووریەوە دەبێ چۆن بژین بەڵکو زیاتر رووە سیاسیەکەیەتی. بەلای تورکەوە کورد نابێت ببێتە خاوەن وولاتی سەربەخۆی خۆی. بۆیە ئەگەر تورکیا دەیەوێ قازانج بکات لەرووی ئابووریەوە لە کوردوستان بەڵام ئەمە هەرگیز نابێتە هۆی ئەوەی کە کاربکاتە سەر گۆرانی دیدە سیاسیەکەی بەرامبەر بە کورد.

ئەمرۆ بە هۆی بارودۆخەکەی عێراق لە نێوان کورد و تورکیادا ئەمریکا هەیە. ئەمریکا پێی باش نیە کە تورکیا بێتە کوردوستان و ئەو تەنها بەشەی عێراق کە ئاسایشە بیکاتە مەیدانی جەنگ. جێگای ئەمریکا لە کێشەی نێوان کورد و تورک هەستیار و ئاڵۆزە. ئەمریکیەکان وەهایان پێباشە کوردیش و تورکیش دۆستیان بن. لەبەرئەم هۆیە پێیان باش نیە دۆستەکانی لە نێوانیاندا شەریان هەبێت. ئەوەی ئەمریکا دەیەوێ کورد واتەنی؛ نە شیش بسوتێ و نە کەباب. بەڵام راگرتنی ئەم دۆخە ئاسان نیە.  ئەم بارودۆخە بۆ دیپلۆماتە ئەمریکیەکان کارێکی قورس و گرانە. مامەڵەکردن لە گەڵ تورکدا لە رووی دیپلۆماسیەوە ئاسان نیە. تورک لوتبەرز و خۆ بە زلزانن. کاتێک ئەمریکیەکان دەبنە رێگیریان بۆ هێرشکردنە سەر کوردوستان ئەوان هەموو هەولێکی وەها بەوە لێکە ئەدەنەوە کە گوایە ئەمریکا بە نیازی دروستکردنی وولاتێکی کوردیە.

لەلایەکی ترەوە کورد بروایان وەهایە کە بارودۆخەکە گۆراوە و جارێکی تر تورکیا ناتوانێ هێرش بکاتە سەر ناوچەکە. ئەم دوو هەڵوێستە ناواقعیە چ لەلایەن کورد و چ لەلایەن تورکەوە بۆ سیاسەتمەدارە ئەمریکیەکان ئاسان نیە مامەڵەی لەگەڵابکەن. ئاسان نیە بۆ عەقڵی ساردی پراگماتیزمی ئەمریکی لە لووتبەرزی تورک و خەیاڵپلاوی کورد تێبگات. ئەمریکا لەنێوان دوو هێزدایە کە هەردوولا بە هەڵە دەیبینن. تورکیا دەیەوێ ئەمریکا کارێکی بۆبکات کە تورکیا خۆی بۆی ناکرێت، کوردیش دڵی بە بارودۆخێک خۆشە کە لە هەموو ئان و ساتێکدا ئەگەری گۆرانی سەرتاسەری هەیە.

پەیوەندی کورد و ئەمریکا، بە بەراورد لەگەڵ پەیوەندی تورک ئەمریکا پەیوەندیەکی جودا و نوێیە. تورکیا وولاتە. دەوڵەت یەکەی سەرەکی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانە. بۆ ئەمریکا ئاسانترە پەیوەندی لەگەل وولاتدا بکات هەتا تاکە کەس یان عەشیرەت یان حیزب. هەموو شارەزایانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان جەخت لەسەر ئەوەئەکەنەوە کە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان نابێت هەرگیز لە سەر بنەمای تاکە کەس بێت. ئەمە لاوازیەکی گەورەیە بۆ کورد لە ناوەندە نێودەوڵەتیەکانا. ئەوەی وەها لە ناوەندە نێودەوڵەتیەکان ئەکات کە بەدەنگەوە بێن ئەگەر هاتوو تورکیا هێرشیکردە سەر کوردوستان، ستاتۆ یان گرنگی کوردوستان نیە، بەڵکو ستاتۆی وولاتی عێراقە، لەلایەک و بەرژەوەندی ئەمریکا و

نائارامی ناوچەکە. ئەوەی دیپلۆماسیەتی کوردی لێی بێئاگایە چۆن بۆخۆی وێنایەک بنیاتبنێت کە لە کوردوستان وولاتێکی دیموکراسی و دەستوری و یاسایی هەیە. بۆ نموونە لێدوانەکەی مەسعود بارزانی بۆ کەناڵی العربیە بە هیچ شێوەیەک باس لەوە ناکات کە لە کوردوستان پەرلەمان هەیە ، دەزگا هەیە، نوێنەری خەڵک هەیە. بەڵکو زیاتر مەسعود وەک سەرۆکێک قسەئەکات کە بریاری سەرەتا و کۆتایی لە دەستی ئەو دابێت.

تورکیا لە دونیادا کۆمەڵێک وێنای بۆخۆی دروستکردوە کە زۆربەی زۆریان ناراستن بەلام دەتوانێ سەرمایەی سیاسی لە سەر بونیادبنێت. تورکیا وەها ئەبینرێت کە وولاتێکی دیموکراتیە، عەلمانیە، موسوڵمانە، سەقامگیرە، خاوەن دەزگایە، ئابووریەکی کراوەی هەیە. ئەم سیفەتانە بۆ وولاتێک لە ناوچەیەکی وەک رۆژهەلاتی ناوەراستدا وێنایەک ئەدەن بە تورکیا کە تایبەتمەندە. لە راپۆرتێکی گۆڤاری نیورکەر دەربارەی سەفەرێکی پۆل وولفەوایتز، کە جاران جێگری وەزیری بەرگری ئەمریکا بوو، ئێستا سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتیە، هەرچەندە هەتا ئەم نووسینە دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەران رەنگە گۆران بەسەر شوێنی وولفەوایتزابێت بەهۆی چیرۆکی عەشقیەوە لە گەڵ ژنە عەرەبێکا، وولفەوایتز لە کاتی سەردانی مزگەوتێکا (کە دەرکەوت وەک زۆربەی موسوڵمانان گۆرویەکانی چەند کونێکی تیابوو) دەڵێت، زۆر گرنگە بۆ ئەم وولاتە ئیسلامیە کە خاوەن دەزگاو دیموکراسیە. هەر ئەمەیە کە دەزگایەکی وەک بانکی نێودەوڵەتی بە دەیان پرۆژەی گەورەی لەو وولاتەدا هەیە و خەمیەتی کە ئابووری تورکیا سەقامگیربێت.

کورد دەبێت دژ بەم وێنانە بجەنگێ. ئەم وێنانە دونیابینی دێننە ئاراوە، دەبنە هۆی پلان دارشتن و مامەڵەکردن. لۆبیکردن دژ بەم ئیمجانە لە ئەوروپا ئاسانترە چونکە ئەوروپیەکان دەزانن تورکەکان کێن و بایی چەندن، وە وەک ئەمریکا پێویستیان بە تورکیا نیە. ئەم وێنانەی تورکیا لە بەرامبەر وێنە تەڵخ و ناشیرینەکانی کورد وەهای لە زۆربەی سیاسەتمەداران کردوە کە بە ئاسانی کورد لە تورکیا بخەنە خانەی تیرۆرەوە وە وەها بیربکەنەوە، کە ئەگەر تورکیا خاوەن ئەو هەموو وێنە جوانانە بێت دەبێت کورد دژی ئەو وێنانەبێت بۆیە لە دژی تورکیا شەر ئەکات.

وێنەکانی کوردوستانی باشور ئەگەر بێتوو بە عێراق بەراوردبکرێت ئەوا وێنەی باشن، چونکە وێنەکانی عێراقی ئەمرۆ خوێناوی و تاریکن. بەلام وێنەکانی کوردوستان مایەی دڵخۆشی نین. وەک لە چاوپێکەوتنەکەی ایلی ناکوزی لە گەڵ مەسعود بەرزانیدا دەرئەکەوێت، کاتێک ئەو ووشەی خێزان بەکاردەهێنێ بۆ ناساندنی پارتی و یەکێتی لە بری حیزب. کە ئەپرسێت ئەی چی ئەڵێت دەربارەی هەردوو خێزانی تاڵەبانی و بارزانی.

جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان پیاوی دەوڵەت و سەرۆک عەشیرەت. پیاوی دەوڵەت ئەگەر هاتوو دەوڵەتەکە دیموکراسی بوو، ئەوا دەبێت پیاوێک بێت، هێمن، سەقامگیر، دووربین، دوور لە هەڵچوون و دڵتەنگ بوون، سارد. دەوڵەت وەک نیتچە دەڵێت، بوونەورێکی سارد و زەبەلاحە. پێویستی بە عەقڵێکی راشناڵ هەیە. چونکە دەوڵەت خۆی بەرهەمی عەقڵی مرۆڤە. دەوڵەت بوونەوەرێکی سروشتی نیە. لە خۆیەوە گەشەناکات، لە خۆیەوە نایەتە بوون. بۆیە بەرێوەبردنی دەوڵەت هەرگیز بە دیدێکی تاکرەوانە نابێت. فرەدیدی و دیموکراسیەت سیمای دەولەتێکە کە ئەتوانێ لە دونیای ئەمرۆدا بژی. دەوڵەتی دیموکراسی خاوەنی نیە، بەڵکو دەوڵەتی هەموانە. ئەوەی دەوڵەت بەرێوەئەبات پاشا یان میرنیە بەڵکو نوێنەری خەڵکە وە خەڵک دەبێ ئازادبن هەرکاتێ لێی بێزاربوون لە سەر کورسیەکەی دایبەزێنن. لە دونیای پۆستمۆدێرنەدا ئاغا بوونەوەرێکی نامۆیە. حکومەتی کوردی دەبێ غەمی وێنەکانی بخوات ئەبێ بە دەنگی ئەوەوە بێت کە چۆن دەبینرێت.

ئێمە دەبێ ئاگاداربین چۆن ئەو هاوکێشە ئاڵۆز و ناسکانە بەرێوەبەرین کە لە بەرژەوەندیماندان. عەقڵی رۆمانتیسیزمی کوردی کە عەشقی پاڵەوان و شەهید و جەنگ و جۆشدانە دەبێ دابرانی لەگەلا

دروستبکرێت. عەقڵی رۆمانتیسیزم دژ بە ئازادی ماف و دیموکراسیە. بۆ کەسێک کە خوازیاری زیاترە لەم بارەوە دەتوانێ لە عەقڵی رۆمانتیسیزمی ئەڵمانی بنوارێ وەک نموونەیەک. عەقڵی رۆمانتیسیزمی کوردی پاڵەوان ئەخاتە سەروی وولات و خەڵکەوە. پاڵەوان کەسێکە کە هەرگیز هەڵەناکات، هەمیشە راستە، رەوایە، هەرگیز جێی لێپرسینەوە نیە، بۆ پاڵەوان نیە لێپرسراوبێت. پاڵەوانی عەقڵی رۆمانتیسیزم هەرگیز نادۆرێ، هەمیشە مەزن و سەرکەوتووە، ئەگەر هاتوو تووشی شکستیش هات ئەوا تاوانی ئەو نیە، هیزەکانی دەرەوەی ئەون کە وەهای لێئەکەن بریارەکانی شکست بێنێت.

ئەگەر ئەمرۆ بارزانی و تاڵەبانی پێکەوە بە پێی پلانێکی دارێژراو هەردوو رووی ئاشتی خواز و داکۆکی کەر لە کورد پێشکەش ئەکەن یان بە مانایەکی تر یەکێکیان سیاسەتی گێزەر و ئەویتریان سیاسەتی گۆچان ئەوا کێشە نیە. بەلام ئایا ئەم دوولا تەواوکەری یەکترین یان پێچەوانەی یەکترن. ئایا هەرەشە لەلایەک و پۆزش هێنانەوە لەلایەک چی بە دوژمنانی کورد دەلێت. جوانە کە هەردوو حیزب هەریەکەو خاوەن بیروراو دونیابینی خۆیەتی بەلام دەبێ ئەوە بۆ ئەوانی تر روون بکەنەوە کە بریاردەری کۆتایی بەرژەوەندی کوردە وەک گەلێک نەک سەرۆک یان میر.

ئەمرۆ سوپای تورکی تینووی جەنگە. بۆ ئێمە ئازایی نیە ببینە سوتەمەنی ئەو جەنگە ئەگەر ناچاری نەبێت. هەندێ جار رەنگە بریار رۆمانسیانەبێت بەڵام هەمیشە واقیع بەو شێوەنیە. دۆنکیشۆتە پاڵەوانێکی براوە نیە.